# پێشنیارێک بۆ کاری هاوبەش لە نێوانحیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

## عەبدولواحیدی خەندەڕەش١٤.٠٥.٢٠١١

پێکهێنانی بەرە و هاوبەندیی سیاسی بۆ ڕۆژ هەڵاتی کوردستان زۆری لەسەر نووسراوە و مشتومڕ و مقۆمقۆی فرەی لەبارەوە ئەنجام دراوە. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدرێتەوە دەردەکەوێت کە یەکەم هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ پێکهێنانی بەرە ئەو کاتە نراون کە لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان دا تەنیا دوو لایەنی سەرەکی و کاریگەر لە مەیداندا بوون. ڕیزەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژ هەڵات بە بەراورد لەگەڵ ئێستا تۆکمەتر و یەکگرتووتر بوون؛ هەرچەندە ئاستی ئاگایی سیاسی تاکی ئەوسا لەگەڵ ئێستا بەراورد ناکرێت. ئەمڕۆ بە زۆر هۆکاری جیاواز ئاستی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵ زۆر بەرەو ژوور چووە کە خۆی لە خۆیدا زەمینەسازە بۆ ڕوانگەی جیاواز و ئارەزوو و ئامانجی ڕەنگاو ڕەنگ .

ئێستا دوای پتر لە سی ساڵ خەبات و بەربەرەکانی لە دژی ڕێژیمی ئێران لایەنەکانی ڕۆژ هەڵات بەردەوام بەسەر خۆیاندا دابەش دەبن و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی حیزب و ڕەوتە سیاسیەکان ڕوو لە زیاد بوونە؛ و هەر لەو کاتەیشدا قەوارەی حیزبەکان بێشتر بچووک دەبێتەوە؛ بەڵام ویستی پێکهێنانی بەرەیەک بۆ کاری هاوبەش و هاوئاهەنگ لایەنگریی زیاتری لێدەکرێت و هەوڵی جیددیتری بۆ دەدرێت .

لە هەوراز و نشێو و کەندەڵانی ژیان و خەبات دا حیساب بۆ ئەوە ناکرێت کە چیت دەوێت و ئارەزووت چییە؛ بەڵکوو حیساب بۆ ئەوە دەکرێت کە چیت لە دەست دێت و توانای چیت هەیە و کاریگەریت سەبارەت بە کێشەکان لە چ ئاستێکدایە.
دەستەوئەژنۆ بوونی هێز و لایەنەکانی ڕۆژ هەڵات لە باشووری کوردستان، تای تەرازووی نێوان ئەوانی تا ڕاددەیەک لە هاوسەنگی نزیک کردووەتەوە و کەلێنی نێوانیانی تەسکتر کردووەتەوە. بەتایبەتی نەبوون یا لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و دارایی ئەوان، ئێستا ئیتر بووەتە ئەمرێکی واقیع و نکۆڵی لێناکرێت.
بەستراوەیی ئەوان بە لایەنە دەسەڵاتدارەکانی باشوورەوە گەیشتووەتە ڕاددەیەک کە تەنانەت لەسەر پرسی پێکهێنانی بەرەی ڕۆژ هەڵاتی کوردستانیش خاوەن قسە نین؛ و هەندێکیان پێویستییان بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی ینک و پدک هەیە .

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش بەینابەینێک لێرە و لەوێ مەسەلەی پێکهێنانی بەرە دەخرێتەوە ڕۆژڤەوە و قسە و باسی گەرمی لەبارەوە دەکرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی جیاوازی زۆر لە نێوان حەز و کردەوە دا هەیە، هەنگاوەکان هەر لەجێی خۆیانن و هەر لە پێش خاڵی دەسپێک دەکێشن بە زەویدا .

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، باوەڕ دەکرێت کە پێکهاتنی بەرە یا پلاتفۆرمێک بۆ ڕۆژ هەڵاتی کوردستان هەرچەندە زۆر پێویستە، بەڵام لەم هەلومەرجەدا کردەیی نەبێت و بەدیهاتنی نەچێتە چوارچێوەی ئەقڵ و ئاوەزەوە. ئەمەش بە واتای نائومێدی نییە و نیشانەی ڕەشبینی و بەدبینی نییە. بە بڕوای نووسەر لەبری هەوڵدان بۆ شەن و کەوکردن و هەڵاواردن و لێکدان و لێکدەرکردنی ئەو پرسە، باشتر وایە هەموو لایەنەکان یان دەستەبژێرێک لەوان بە مەبەستی ڕچەشکێنی و ئاسانکاری لەبەردەم سازکردنی بەرەیەکی فراوان، هەوڵی پێکهێنانی ئەنجومەنێک بە ناوی "ئەنجومەنی ڕاوێژ" بدەن. ئەو ئەنجومەنە بە هیچ شێوەیەک توانا و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نەبێت و هیچ کۆڵ و بارێک نەخاتە

سەر شان و ملی خۆی. ئەنجومەنێکی تەواو ڕاوێژکاری بێت و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بێ نێوبڕ هەموو مانگێک کۆبوونەوە بکات و کێشە و پرسەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ بکات و بۆچوونیان لەسەر بدات .

بە

سەرنجدان بەو پەرش و بڵاوییەی دوچاری حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و بە وردبوونەوە لەو هەموو مەرج و ئەگەرانەی بۆ یەکتری دادەتاشن، دەکرێت ئەمە هەنگاوێکی سەرەتایی بێت بۆ فراوان کردنەوەی چوارچێوەی کاری هاوبەشی نێوانیان لە دواڕۆژدا؛ و بێتە بەردێکی بناغەی پتەو بۆ ئەو تەلارەی دەمێکە گەل لە چاوەڕوانیی سازبوونیدایە.

**دەتوانیت**

**لە ماڵپەڕەکەمەوە دایبەزێنیت**

www.khandarash.net

http://sites.google.com/site/khandarash/52